# خوێندنەوەی ئێستا، نووسینی مێژوو:
# بیر و بەرنامە بۆ کوردستان

## نووسینە کوردییەکانی کەمال میراودەلی
## لە دەرەوەی وڵات 1984- 1998

22) بەرەو پێکهێنانی سووپای یەکگرتووی باشووری کوردستان
هەنگاو ژمارە 2، مارتی 1994

بێگومان لە کوردستانێکدا، کە نزیکەی سی ساڵ ڕەبەق لەژێر حوکمڕانی ڕژێمی بەعس دا بووبێت و لەو ماوەیەدا فراوانترین سیستمی کوشتار و داپڵۆسینی تێدا دامەزرێندرابێت، هەروەها لەمەش ترسناکتر کڕینی کۆمەڵێکی زۆر لە ناکەسانی خۆپەرست و خاین، بوونەتە تەگەرەیەکی مەزن لە ڕێگەی جێگیرکردنی پەرلەمان و زیاتر بەرەو پێشبردنی ئەم تاقیکردنەوە مەزنەی لە پێش گەل و جەماوەری کوردستاندایە. ئاشکرایە کە نەهێشتن و سڕینەوەی ئەم زەمینە پاشماوەیەی سی ساڵی بەعس، کات و تێکۆشانێکی سەخت و بێوچانی لە هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەر و بزووتنەوەی ڕزگارییخوازمان دەوێت، بێجگە لەمەش پێویستی بە هاوکاریی و پەیوەندییەکی بەتینی پۆزەتیڤ هەیە، چ لە نێوان جەماوەر و پارتەکاندا، چ لە نێوان باڵەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیدا. دەتوانین بەبێ دوو دڵی بڵێین کە جەماوەر هەموو کاتێك ئامادەی تێکۆشان و قوربانیدان بووە لە پێناوی ئازادیدا، ئێستاش هەردەم ئامادەیە بۆ خەبات دژی ئەو دیاردە دزێوو و ترسناکەی کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا بەدی دەکرێن، بەڵام لایەنەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان زۆر جار نەیانتوانیوە پارسەنگێك بۆ ئاواتی جەماوەر و بەرژەوەندی تەسکی خۆیان بدۆزنەوە. لێرەدا بەهیچ جۆرێک مەبەست ئەوە نییە کە پارت و جەماوەر لەیەك جیابکرینەوە، چونکە هەردووك تەواوکەری یەکترن، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە ئەگەر پارت و ڕێکخراوە کوردستانییەکان بەرژەوەندی جەماوەریان ((کە زۆربەی ئەندامی خۆیانن)) لەسەر بەرژەوەندیی تەسکی حیزبایەتی‌یەوە دابنایە، ئەوا ئەرکی بنبرکردنی دیاردە دزێوەکان ئاسانتر دەبوو، ئەو شەڕی براکوژییانەی سەردەمی حوکمڕانی پەرلەمانیش ڕووی نەدەدا و لە هەمووش گرنگتر ئەوەیە کە کۆمەڵێك لە کەسانی بەتوانا و دڵسۆز جێگای کۆنە موستەشار (جاش) و پارەپەرست و پیاوکوژانیان دەگرتەوە لەناو پارت و دەستگاکانی

دەوڵەتدا. بەڵام ئێستا دەبینین بەپێچەوانەی ئەمەوە ڕوودەدات، کەسانی لێهاتوو و بەتوانا و ڕێزلێگیراو وازدەهێنن (یان لادەبرێن) چونکە خۆیان لە گێژاوێکدا دەبیننەوە کە چارەسەری لە دەستیان بەدەرە. لە ئەنجامدا کەسانیکی نەگونجاوو و ملکەچی سەرکردایەتی جێیان دەگرنەوە، هەروەها دەبینین ئەمڕۆ کۆنە موستەشارێکی تاوانبار بەشەهیدکردنی دەیان تێکۆشەر، لە پێشمەرگەیەکی خاوەن مێژووی دور و درێژی تێکۆشان پایەدارترە، ژیانی ئەمڕۆشیان لە دوێنێی بەعس خۆشتر و ئاسایش ترە.
بوونی ئەم گیروگرفتانەش هەمووی دەگەڕێنەوە بۆ دوو هۆی سەرەکی:
1- پەیڕەوکردنی سیاسەتی زۆروبۆر لە لایەن هەموو پارتەکانەوە بە تایبەتی دوو پارتە سەرەکیەکە (پارتی و یەکێتی)، ئەمە بووەتە هۆی هاتنە کایەی پێشبڕکێیەکی نەخۆش بۆ زیادکردنی هێز، کە لە زیان و ئازار زیاتر هیچی بۆ جەماوەر تێدا نییە، بێجگە لەوەی کە بووەتە ڕێ خۆشکەر بۆ کەسانی سەر بە ڕژێم و کەسانی ڕەفتارشێواو و دەستڕۆیشتووی سەردەمی بەعس، کە بە ڕووپۆشێکی ترەوە ئەمڕۆ پایەدارتر و دەستڕۆیشتووتر بن.
**2- بوونی هێزی چەکداری پارت و ڕێکخراوەکان دیاردەیەکی زۆر ترسناکە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆی باشووری کوردستاندا، بەتایبەتی زۆربەی چەکداران پەروەردەی خەباتی چەکداری ناوشاخن و هەر بە هەمان شێوە لە شارەکانیشدا کار دەکەن، سەرتاپای ئەم هێزانەش گوێ ڕایەڵی پارتەکانیانن نەوەك پەرلەمان، لەبەر ئەوە پەرلەمان دەسەڵاتی چارەسەرکردنی هیچ گیروگرفتێکی نییە لە کۆمەڵایەتی بەولاوە.... هەر دیاردەیەك کە بە نابەدڵی پارتێکی خاوەن هێز ڕووی دابێت، بەزووترین کات بە چەك چارەسەر کراوە بێ ئەوەی پەرلەمان ئاگاداریش بێت، زۆر جاریش گەیشتوەتە ڕادەی کوشتارێکی زۆر لە یەکتر.. لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین کە بە شێوەیەکی سەرەکی بوونی هێزی چەکداری پارتی و یەکێتی ئەمڕۆ و بزوتنەوەی ئیسلامی دوێنێ هۆی سەرەکی خولقاندنی ئەم بارە نایاسایی‌یەی کوردستانن،** هەرچەندە بەپێی هەواڵەکانی پەیامنێری هەنگاو، ئێستا بۆ ماوەی دوو مانگ دەچێت ئاسایشە و هیچ پێکدادانێك ڕووی نەداوە، ئەمە بێگومان جێگەی خۆشحاڵی هەموو کوردێکە لە دەرەوە و ناوەوەی وولات، بەڵام بۆ بەردەوامی دان بەم ئاسایشە پێویستە هەموو پارت و ڕێکخراوەکانی باشووری کوردستان بە گەورە و بچووکیانەوە، ڕەوتی تێکۆشانی چەکداری بگۆڕن بە تێکۆشانی سیاسی و جەماوەریی و چارەسەرێکی بە پەلەی ئەم گیروگرفتە بکەن کە لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەبینرێن:
* نەهێشتنی هێزی چەکداری هەموو پارت و ڕێکخراوەکان (تەنها هێزی بەرگری بارەگاکان بهێڵرێتەوە و لە چەند چەکدارێك تێپەڕ نەکات، بەپێی گەورە و بچووکی بارەگاکە)
* پێکهێنانی سووپایەکی یەکگرتوو لە زانا و پسپۆرانی سووپایی کورد (تەنها مێژووی ئەو کەسانە لەبەرچاو بگیرێت نەك بۆچوونی سیاسی و دینیان) وە لە ژێر فەرمانڕەوایی تەواوی پەرلەماندا بێت.
* هەڵگرتنی چەك لەلایەن کەسانەوە بێ ڕێگەدانی ئاسایشی ناوخۆ قەدەغە بکرێت.

* داڕشتنێکی نوێ بۆ لێبووردنی گشتی (عفو عام) کە بازرگانی خوێنی شەهیدان نەگرێتەوە، بەڵکو پێویستە بدرێن بە دادگا و لە تاوانەکانیان بکۆڵرێتەوە، ئەمەش تەنها بە ڕێککەوتن و هاوکاری نێوان پارتی و یەکێتی بەجێ دەگەیەنرێت کە زۆربەیانیان لە خۆگرتوون.
لێرەدا بە ڕوونی دەبینرێت کە بوونی هێزی چەکداری بەم فراوانییە، گەورەترین هەڕەشەیە لە پاشەڕۆژی ئەم تاقیکردنەوە گرنگەی کوردستان.
بە چارەسەکردنیان حکوومەتی کوردستان و پەرلەمانەکەی هەیبەتێکی تایبەتی پەیدا دەکەن و هەموو لایەك ملکەچی بڕیارەکانی دەبێت.